# حمید تقوائی،دووهەمی خورداد وجەنگ لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی

حەمەغــــــــــــەفور

لەفارسییەوە وەریگێڕاوە

ماوەیەك بوو بەهەر هۆیەکەوە بووبێت لەجەنگ ودەعوا لەگەڵ کەسانی چەشنی حمید تقوائی بەدووربووم. ئیکتیشافاتی ئەم دواییانەی ئەم پیاوە تیژبینە وتەقەنیشانەشکێنەکانی لە ڕاستڕەوییەکانی هاوڕێیانی ئێمە لەعێراق، ناچاری کردم بزانم چ خەبەرە. لە وەڵام بە حمید تەقوایی چەند نوسراوی هاوڕێیانی دیکە لەم ژمارەیەی بڵاوکراوەی (پاسخ)دا هاتووە. منیش بەمشێوەیە چەند خاڵێك هەیە کەلەوەڵامی ئەودا دەیانهێنمەوە!

یەکەم– بۆ ڕەخنە لەڕاگەیەنراوی ڕێبوار ئەحمەد لیدەری حککع،حمید تقوائی دەڵێ ئەمانە ئەگەر دووی خوردادی نەبوونایە، پێویست نەبوو سەودانامە بۆ دەوڵەت بنووسن وئاگربڕ ڕاگەیەنن،مەگەر جەنگێك لەنێوانیاندا هەبوو....؟

بەویژدانەوە حمید ڕاستدەڵێ، لەنێوان حککع ویەکێتی نیشتمانیدا جەنگێك لەئارادانییە، بەڵام لەشوێنێکی دیکەوە جەنگێك بەپانتایی کۆمەڵگا لەسەروبەندی شکڵگرتندایە کەپێدەچێ خۆشبەختانە هەواڵەکەشی بەکەسانی وەکو حمید نەگات. جەنگێك لەنێوان خەڵك ویەکێتی نیشتمانی(یەکێتی) وە داروەستەی چەکداری دەسەڵاتداردا بەپانتایی کۆمەڵ لەسەروبەندی سەرهەڵداندایە وبەڕێوەیە، لەپێناوی ئاو وکارەبا وسادەترین پێویستییەکانی ڕۆژانەداو لەدژی گەندەڵیی بەپانتایی ئیداراتی میلیشیایی ناسیونالیستەکان. بۆ ئاگاداری جەنابی تقوائی، یەکێتی کەڵك لەو جەنگە وەردەگرێ کەپێنج ساڵ لەوەوپێش لەبەرامبەر حککع دا بەرپایکرد، مۆری حککع دەنێت بەهەر ناڕەزایەتییەکەوە لەلایەن خوێندکاران وخەڵکی بەتەنگهاتووەوە وخەباتی ئەوان بەدەسیسەی کۆمۆنیستانێك دەزانێت کەلەگەڵ یەکێتیدا لەحاڵەتی جەنگدان. هەر ئەم مەسەلەیەش وا دەکات کەهەندێ جار هەڵسووڕاوان وڕێکخەرانی ئەم خەباتانە خۆیان لەژێر گوشاردا هەستپێدەکەن. لەژێر گوشاری هەر ئەم فەزایەدا بوو هاوینی ڕابردوو دوای ناڕەزایەتی گشتی خەڵکی لەشاری کەلار،باسی بوونی دەستی پشتی پەردەی حککع و وابەستەبوونی ڕێکخراوەیی ڕێکخەرانی ئەو ناڕەزایەتیانە هێنرایەپێشەوە. لەکەشێکی بەمجۆرەدا بوو کەیەکێك لەهەڵسووڕاوانی (بەمەدەنی کردنی کەلار) کەلەڕابەرایەتی ئەو بزووتنەوە ناڕەزایەتییەی خەڵکی شاردا نەخشی کاریگەری هەبوو، بۆ ڕزگار کردنی خۆی لە(تۆمەتی) وابەستەبوون بە حککع ەوە، لەڕێگەی ڕۆژنامەی مەلابەختیارەوە ڕایگەیاند کەئەم حیزبە لەڕووداوەکانی شاری کەلاردا دەستی نەبووە.

ڕاگەیەنراوی ڕێبوار ئەم کەڵکوەرگرتنەی (یەکێتی) لەدژی خەباتی خەڵکی گرتووە بەنیشانە. بەیانی ریبوار بەئاشکرا وبەڕەسمی بەدەنگی بەرز ڕادەگەیەنێ کەئەو جەنگە ماوەیەکی زۆرە کۆتایی هاتووە، لەسەرکەوتنی سەربازی لەو جەنگەدا زیاتر لەمە وەچیتر ناتوانن کەڵکوەربگرن. بڕۆن وەڵامی سیاسی خەڵك وخواست وداواکارییەکانیان بدەنەوە. بڕۆن وەڵامی ناڕەزایەتی ئەوان بدەنەوە لەپێناوی سادەترین نیازی ڕۆژانەیاندا. لەپشتی داواکاری ئاو وکارەباوە دەسیسەی شەیتانیی کۆمۆنیستەکان نییە، درووستکراوی ئێمە نییە، بۆتان نییە داواکاریی ملیۆنی خەڵکی بەم مۆرلێدانە بێوەڵام ڕابگرن وسەرکوتی بکەن. ئەم ڕاگەیەنراوە سیاسەتی سەرکوتگەرانەی یەکێتی ریسوادەکات وچەکی دژی خەڵکیی لەدەستی ئەواندا دەردەهێنێ. ئەم هەنگاوە لەمەودای کۆمەڵایەتیدا هێرشی سیاسییە بۆ سەر یەکێتی. ئەگەر هەڵە لە نووسینی حمیددا هەیە، نووکی ئەو هەڵانە هەر لێرەدایە. واتە ئەوەی کەحمیدو ئەمسالی ئەو دەبێ لەکونی ڕێکخراوەکەیان بێنەدەرەوە وکۆمەڵگای کوردستان بەوجۆرەی کەهەیە ببینن. حمید لەو کەسانەیە کەهەرگیز خاون نەزەر، جا چ باش یان خراپ نەبووە دەربارەی کوردستانی عێراق. لەو کەسانەیە کەهیچ کاتێك مەشغەڵەی ئەوێ نەبووە. هەر بەم هۆیەوە، بە بێگومان دەکرێ بووترێ کەتەنانەت باسەکانی خودی مەنسور حکمەتیشی نەخوێندۆتەوە دەربارەی ئاڵۆزییەکانی ئەو کۆمەڵگایە. بەشێك بەم هۆیەوەیە کەناتوانێت مەسەلەکانی ئەمڕۆی ئەوێ درك بکات. وەبەشێکی دیکەشی هەر بەم هۆیەوەیە کەباسکردن لەدیاردەیەك دێنێتە ئاراوە بەناوی "دەوڵەتی کورد"ەوە، دیاردەیەك کەتا ئەم ساتانەش جگە لە خودی ناسیونالیستەکانی کورد تەنها بەلای کەسانی وەکو حمید تقوائییەوە بە"دەوڵەت" دادەنرێت. دواتر دێمەوە سەر هۆیە بناغەییترەکانی بەڕەسمی ناسینی ئەم "دەوڵەتە"، کە گوایا ڕێبوار ئەحمەد لەبەرامبەریدا بۆتە دووی خوردادی. خوێنەری ئەم دێڕانە بابفەرموون لەخودی مەنسور حکمەتەوە ببیستن کەلەئەنجومەنی مارکسدا، وەلەباسێکدا کە کۆرش مودەڕیسی لەنیسان2000دا دەربارەی کوردستانی عێراق هەیبوو، بەچ شێوەیەك ڕای خۆی دەردەبڕێت. ببینن ولەگەڵ شیکردنەوە سەتحیەکانی حمید دا بەراوردی بکەن:

" جێگاوڕێگایەکی کۆمەڵایەتی کەکۆمۆنیزمی کرێکاری عێراق لەکوردستان لەسایەیدا کاریکردووە، زۆر تایبەتییە. یەکەم: لایەنی ئاشکرای هەڵسووڕان، بەڵام ئەم هەڵسووڕانە ئاشکرایە نەک لەناو یەک حکومەتی دیموکراتیکدا، بەڵکو لەهەل ومەرجێکدا کە عەشیرەیەک وباندێکی چەکدار حکومەتیان گرتووە، لەبەرامبەر ئێمەدایە. بارودۆخێك لە وێنەی ئەفغانستان یا وەکو سۆماڵ. هەڵبەت لەکوردستانی عێراقدا کۆمەڵ ڕوخساری کۆمەڵایەتی زیاتری پێوەیە لەچاو ئەفغانستان یا سۆماڵ دا، بەڵام لە ڕووی جۆری پەیوەندی لە نیوان دەسەڵاتی سیاسیو خەڵکەوە، بەشێوەی ئەفغانستان وسۆماڵە. کۆمەڵێك تفەنگبەدەست لەوێ دەسەڵاتیان گرتووە کە نە کەس دەنگی پێداوە، نە لە هەڵبژاردندا بەشدارییان کردوەو نە لەسەر شانی میدیاوە بنیاتنراوە. دەسەڵاتی سیاسی بە پشتی تفەنگ دامەزراوەو لەچوارچێوەی بەخشندەیی ئەمانە دەتوانی بیروڕات بڵێی. لەوانەیە چەکەکان لەم شانەوە بۆ ئەو شان بگوێزرێنەوە. چوار ساڵ لەوەوبەر ڕۆژێك لەپڕ بینیمان هەر ئەم حکومەتەی سلێمانی نەماوە. حکومەتی هەولێر هاتووە وحکومەتی سلێمانیی لابردووەو حکومەتی سلێمانی ڕایکردووە بۆ شاخ. دوای ئەم ڕووداوە دوو سێ دەوڵەت سەودایانکرد وقەرار ومەداریان دانا وحکومەتی سلێمانی دووبارە گەڕایەوە ولانی کەم سلێمانییان دایەوە دەستی چونکە قەرارنەبوو یەکسەرە بێتەوە. دووبارە هەولێریان دایەوە تەرەفی ئەولا وسلێمانیش بۆ تەرەفی ئەملا....

ئەمە دەوڵەت نییە. ئەمە یەك ڕژێمی سەربازییە بەڵام دەسەڵاتی سەرکوتی کۆمەڵگای نییە. بەوێنەی ڕژێمی خومەینی یاحکومەتی فیعلی ئێران یان تەنانەت حکومەتی میسر نییە کەدەسەڵاتی سەرکوتی هەیە. ئێوە هەر ئەو ئازادی هەڵسووڕانی سیاسییەی کە لە سلێمانی هەتانە وەکو کۆمۆنیست، لەقاهیرە نیتانە. دەسبەجێ دەتانگرن و دەتانخەنە زیندان وگیانتان چەوردەکەن وسەگتان تێبەردەدەن. هەر ئەم توانا تەبلیغاتییەتان نییە لەمۆسکۆ. بۆچی چونکە مافیا دێت وتیرۆرتان دەکات. بەڵام لەسلێمانی لەگەڵ ئەوەشدا کەڕژێمێکی سەربازییە، سەرباری ئەوەش کە ڕەوتێکی عەشیرەیی-سەربازی حکومەتی گرتووەو وەڵامی کەسیش ناداتەوە، بەم حاڵەیەوە ناچارە تەحەمولتان بکات.

خاڵی دووهەم ئەمەیە کە کوردستانی عێراق لەحاڵەتی کۆمەڵگابوون دەرچووە. سەیرکەن! ئەوە کۆمەڵگایەك نییە کە تێیدا بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی خەریکە ئەنجام دەدرێت، کرێ وە خەبات لەسەر کرێ بوونی هەبێ، گەشەی ئابووری هەبێ، بودجەیەك هەبێ کە دەبێ دەوڵەت پەسەندی بکات، بشێ لەسەر دابەشکردنی داهات لەکۆمەڵدا جەدەل بکرێ، یاخود لەپەیوەند بە ئایینەدەی فەرهەنگیو ئایدۆلۆژییەوە ململانێ لەئارادا بێت، یا ئەمەی کە پەروەردەو فیربوون چی بەسەردێو مافەکانی ژنان چێ لێ دێت...

هەر ئەو کاتەی کە جەنگی ئەمریکاو عێراق دەستیپێکرد هەر ئەم کەسانەی کەئێستا لە ناو کۆمەڵەدا لەسەر کارن ئەو کاتە وتیان بەه بەه! عالییە، خەریکە حکومەتی کوردی پێکدێت. ئەوساکە باسێك کە ئێمە لە بەرامبەر ئەم دیدگایەدا کردمان ئەمە بوو کەووتمان ئەوانە(مەبەست ئەمریکاو غەربە) خەریکن ئۆردووگای پەنابەری درووستدەکەن و کلیلەکەی دەدەنە دەستی جلال تاڵەبانیومەسعود بەرزانی، نەك کۆمەڵگایەك کە تیایدا بەرهەمهێنان لەئارادابێت. لەم ئۆردووگای ئاوارەییەدا، ئەوانە هەم ئازوقە وەردەگرن و چونکە ئەو ئازوقەی هەیەو دابەشی دەکات چ هێزێك هەیە بتوانێت کرێکار لەژێر نفوزی ئەواندا دەرکێشی؟ خەڵك دەڵێن من ژیانو گوزەرانم بەمەوە بەستراوە کە ئەمانەو لێپرسراوانی ئەم ئۆردووگای ئاوارانە بەینیان لەگەڵ ئەمریکا خۆشە. ئێمە چۆن دەتوانین لەشاری سلێمانی دەسەڵات بگرین کاتێك هەر یەکسەر ئیتر پەتاتە بوونی خاریجی نییەو ئیتر ناکرێ نان درووست بکرێت؟ ئەمریکاو UN جلال تاڵەبانییان هەیە بۆیە کۆمەکەکان هەڵدەڕێژن. ئەگەر منو ئێوە بێینە سەرکار ئەم کۆمەکانە دەبڕێت. خەڵك ئەمە دەزانن، تەنانەت ئەگەر ناشیڵێن بەڵام ئەمە دەزانن. بۆچی ڕووناکەنە ئێمە؟ چونکە ئەم مەسەلەیە دەزانن. ڕووت تێبکات کەچی ببێت؟ ئەگەر منیش کوردێکی دانیشتووی سلێمانی بوومایە بەهەر چوار دەست وپێ مۆرم دەکرد کەجلال تاڵەبانی سەرنگووم نەبێ. لەبەر ئەوەی نەمدەزانی پارووە نانی دواتری ئەم وولاتە لەکوێوە دێت؟ ئەگەر جلال تاڵەبانی نێوانی لەگەڵ ئەمریکا تێکبچێ من چیبکەم؟ مناڵم هەیە، خێزانم هەیە. خەریکین بژین دەڵێن هەرچۆنبێ خودا بابی ئەمانە ببەخشێ بەس نییە شەقامەکانیان ئارام کردووە تامرۆڤ بتوانێ بچێت لەشوێنێك خواردنێك گیربهێنێ وبیخوات. لەکوردستانی عێراقدا ئابوورییەك نییە کە بڵێی ئێستا دەڕۆین هۆیەکانی بەرهەمهێنان دێنین. کام هۆی بەرهەمهێنان؟ هەشتا لەسەدی ژیانی ئەو کۆمەڵگایە بەجێگاو ڕێگایەکی نێو دەوڵەتییەوە بەندە کە حکومەتی کوردیی تیایدا دەسەڵاتدارە. کەس لەئەمریکا نەیووتووە ئەگەر خەسرەو سایە، ناسك ئەحمەد یا تاهیر حەسەنیش بێنە سەرکار ئەم کۆمەکانە هەر دەدەن پێیان. خۆمان دەزانین، ئەوانیش دەزانن ئەگەر ئێمە بێینە سەرکار ئەگەر دەستبووەشێنین و دەسەڵات بگرین سبەینێ کۆمەڵگا لەبرسێتیو نەبوونیدا لە پێ دەکەوێت. ئەمەی کە ئێمە لەکوردستان لەگەڵ یەك کۆمەڵگا بەرەوڕوونین یەك فاکتەری واقعییە. ئێمە لەگەڵ جێگاو شوێنێکی نادیار بەرەوڕووین. خەڵك ناسنامەی کۆمەڵایەتییان لەدەستداوە، ناسنامەی حقوقییان لێسەنراوە. یانی پاسپۆرتێك بەناوی پاسپۆرتی کوردستانی عێراق نییە. سەرنجتانداوە کەلەسلێمانی فڕۆکەخانەیەك نییە؟ لەفەلەستین یەکێك لەدەعوا ئەسڵییەکانی فەلەستین لەگەڵ ئیسرائیلدا، فڕۆکەخانەی فەلەستینە. فەلەستینییەکان دەڵێن لێرە فڕۆکەخانەیەك درووستکەن تامن بەبێ ئەوەی پێویستم بەئیسرائیل بێت، بتوانم

سەفەربکەم بۆ دەرەوە وبگەڕێمەوە، هێنانە ناوەوەو ناردنە دەرەوەم هەبێت، تا بتوانم ببمە وڵات. ئیسرائیل دەڵێ نابێت! فڕۆکەخانە بەشێك نییە لە گفتوگۆکان.

ئەگەر کوردستانی عێراق لەم هەشت ساڵەدا وڵات بووایە ئێستا دوو فڕۆکەخانەی دەبوو، فڕین بۆ ئەستەمبوڵ وئەنقەرەو بەپێچەوانەشەوە. لەم وڵاتەدا لەتوانادا هەبوو بە خاکی تورکیادا بۆرییەکانی گاز ڕابکێشرانایە و لە دەریای ڕەشەوە دەهاتن ودەیانکڕی. کوردستانی عێراق وڵات نییە. ناتوانی لەگەڵ کەسدا بڕیارنامەی لوولەکێشی گاز مۆربکەیت. ناشێ فڕۆکەخانە دابمەزرێ چونکە هیچ شەریکەیەکی ئاسمانی لەجیهاندا بۆ شوێنێك گەشت ناکات کەبارودۆخێکی ناڕۆشن ونادیاری هەبێ. دەڵێ من بوئینگ بهێنمە شاخ وکێوێك کەکەس نازانێ کێ خاوەنییەتی؟ لەپێناوی چیدا؟ چ کەسێ ئەم ئاسمانەی بەئێمە بەخشیوە؟ کەئێمە دەتوانین بۆ ئەوێ گەشت بکەین؟ کاتێ ناسنامەی دەوڵەتیی نییە، کاتێ کە وڵاتێك نی‌یە، کاتی وەکو دیاردەیەك کۆمەڵگایەکی بەڕەسمی ناسراو نییە، کاتێ کە جوگرافیای سیاسیو حقوقییەکەی دیارنییە. کاتێك تۆ وەکو یەك کوردی دانیشتووی عێراق، وەکو یەك کەسی خەڵکی سلێمانی نازانیت بەخەڵك بڵێیت کەخەڵکی کوێیت و ئەو وڵاتەی کە تۆ تیایدا دەژیت لە ڕێکخراوی نەتەوەکان ئاڵای نییەو تۆ هیچ کەسێك نییت، ئەوێ وڵات نییە. ئیتر ئەو یاسایانەی کە مارکس دەربارەی پێکهاتنی کۆمەڵایەتی ووتوویەتی بەو شێوەیەی کە لە لەندەن ڕاستە دەربارەی کوردستانی عێراق ڕاست نییە. ئێستا بەڕای من بۆ نموونە ئەفغانستان باسی خەباتی چینایەتی هەڵناگرێ. ئەڵبەتە ئەفغانستان لەگەڵ کوردستان زۆر جیاوازی هەیەو زۆر داغانە. چینەکان لەکوردستان هێشتا قیافەی پێش ئەم دەورەیەی خۆیان هەڵگرتووە. بەڵام من نازانم تا چەند ئابووری ئەمڕۆی کوردستانی عێراق بەوەوە بەندە کەدوکەڵی کارخانەکان بەرزبێتەوەو بەرهەمو کڕینو فرۆشتن ئەنجام بدرێ تاچ ڕادەیەك ئەم ئابوورییە ئەشێ لەلایەن جیهانی ڕۆژئاواوە کۆمەکی مادی پێ بکرێ؟

ڕوون نییە چەند کیلۆمەترێکی دەرەوەی سلێمانی کۆنترۆڵی بارودۆخ دەبێ لەدەستی چ کەسێکدا بێت. خاوەنی ئەسڵی لەبەغدادەو ئەو خۆشی لەژێر گەمارۆی ئابووریدایە بەڵام لەوانەیە هەر ڕۆژێك بێت بگەڕێتەوەو دووبارە کوردستانی عێراق بگرێتەوە. هیچ یاسایەکی نێونەتەوەیی بەرگری لەحکومەتی جلال تاڵەبانی ناکات. واتا ئەگەر سەدام حسەین بێت وحکومەتی جلال تاڵەبانی لەناوببات، ڕۆژئاوا بەهۆی سەدام حسەینەوە تووڕەدەبێت، بەڵام کەس ناڵێت حکومەتی یاسایی جلال تاڵەبانی لەسلێمانی لەناوچوو. حکومەتی عێراق دەتوانێ لەڕووی یاساییەوە ئەوێ بگرێتەوە چونکە هێشتا وڵاتی خۆیەتی. ئەگەر سەدام حسەین تەسلیمی ئەو هەل ومەرجە ببێت کە UN دەیڵێت، سبەی کوردستانی عێراق دەدەنەوە بەوو دەڵێن وڵاتی خۆتە. ئەگەر بەیانی تاریق عەزیز کودەتا بکاتو لەبەغداد بێتەسەرکارو بڵێ سەدام حسەین لەزینداندایەو ئامادەیە تەسلیمی بکاتو بڵێت ئەو جێیەی کە سربەکانتان بۆی برد ئەویشی بۆ ببەن، دەسبەجێ پەیوەندیەکانی ڕۆژئاوا لەگەڵ عێراق ئاسایی دەبێتەوە وسوپای عێراق دەچێتەوە سلێمانی وهیچ یاسایەك، هیچ هاوپەیمانێکی نێودەوڵەتی، هیچ بڕیارنامەیەکی سنتۆو ناتۆ نییە کەبڵێن کوردستان ئەندامی ئەوەو بەر بەدەوڵەتی عێراق دەگرێ. لەم هەل ومەرجەدا ئێمە دەمانەوێ چی بەخەڵکی بڵێین؟

ستراتیژیستی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق، ستراتیژیستی کۆمۆنیزمی کرێکاری لەعێراق دەبێ وەڵام بەم پرسیارانە بداتەوە. لەهەل ومەرجێکدا کە کوردستانی عێراقیان لە کۆمەڵگابوون، لە ئابووریەکی سەرلەنوێ بەرهەممهێنەوە مەحروم کراوەو کراوەتە جۆرێك ئۆردووگای ئاوارەیی، لەهەل ومەرجێکدا کەچینە کۆمەڵایەتییەکان لەوێدا لەپەیوەندییەکی بەرامبەر بەیەکدا نین، کەبناغەی کۆمەڵگایەکە، بەڵکو هەردووکیان چاوەڕێی گۆڕانی بارودۆخن. من وەکو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریو بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری دەبێ بەکام پەیامەوە بچینە ئەوێ هەتا خەڵکی لەدەوری ئێمە کۆببنەوەو دەبێ کام ئاسۆ بنێمە بەردەم خەڵکیەوە؟ ئەمە یەك پرسیاری جددییە.

ئێمە قسە لەفراوان نەبوونی هێزمان دەکەین بەڵام بە شێوەی واقعیو لەڕاستیدا تا چەند دەکرێ لە وڵاتێکدا کەهەموو بێ ئەمنیەتنو هەموو خەریکن بیر لە گوزەرانی دووسبەی دەکەنەوە، لەکۆمەڵگایەکی ئاوادا، چ کەسێ بیر لەوە دەکاتەوە ببێتە سیاسیو دواتریش لەپەنا ڕادیکاڵترین بەشی کۆمەڵەوە ڕابووەستێ؟ تەنانەت ئەگەر ئینسانێکی بەم جۆرە لەقووڵایی دڵییەوە بڵێت ئەمانە باشترین قسەدەکەن؟ چ کەسێ، چ ئینسانێك کەدەبێ لەڕاستیدا مەعاشی خێزانەکەی دابین بکات، دێت لەڕۆتینی ژیانییدا پەیوەست ببێت بە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراقەوەو ببێتە ئەندامی ئەو حیزبە؟ ئەمە مەودایەکی گرنگی مەسەلەکەیە. ئایندەی کوردستان چی بەسەردێت؟ ئایا بەرەو سەربەخۆیی دەڕوات یاخود دەبێتەوە بەبەشێك لەعێراق؟ تورکیا دەڵێ چی؟ ئەمانە کۆمەڵێك پرسیارن کەبەسەر سەری ئیستراتیژیستی کۆمۆنیزمی کرێکارییەوە لەعێراق دەسووڕێنەوەو دەبێت وەڵامیان پێ بداتەوە. بەڕای من هەموو ئەم پرسیارانە وەڵامیان هەیەو دەکرێ وەڵام بەهەموو ئەم پرسیارانە بدەینەوەو عەمەلی بکەینەوەو بچینە بەرەوەو تەنانەت لە بەرژەوەندی خۆمان سوود لە تایبەتمەندییەکانی ئەم هەل ومەرجە وەربگرین. یەکێك لەتایبەتمەندییەکانی ئەم هەل ومەرجە ئەمەیە کە جلال تاڵەبانی ناتوانێت بڵێت وەکو نوێنەری خەڵکی کوردستان قسەدەکات. وەکو (یەکێتی–ینك) قسە دەکات. بێجگە لە کۆمەڵە کەس بەمانە ناڵێت دەوڵەتی کورد. بێجگە لە کۆمەڵە کەس بەم هێزە کوردانە ناڵێت شارەوانی سلێمانی! کۆمەڵە دەڵێت شارەوانی سلێمانی بەڵام خەڵکی پێیاندەڵێن هێزەکانی یەکێتی! یەکێتی یەك ڕێکخراوەیەو تا ئاخریش هەروا وەکو یەك ڕێکخراو دەمێنێتەوە.

ئەگەر كوردستانی عێراق وولاتێك بووایە، ئەگەر سەربەخۆ بووایە، ئەگەر هەڵبژاردنیان ڕێكخستبایە، بە ڕای من هەر یەكێتی دەنگی دەهێنا، ئەگەر لە سلێمانی لە وولاتی سەربەخۆی كوردستانی عێراقدا شەش مانگی دیكە یەك هەڵبژاردنی ئازاد دابنرێت هەر یەكێتی دەنگی دەهێنێ هەر بەو شێوەیەی كە یلتسین لەڕووسیا دەنگی هێنا. دەنگی دەهێنا بەو دەلیلەی كە دەیووت من دەرگای ئێوەم ڕووبە ڕۆژئاوا، ڕوو بە كۆمەكەكانی ڕۆژئاوا، كۆمەكی تەكنیكی و ئابووری. بەڵام ئەگەر كۆمۆنیستەكان بێنە سەركار ڕۆژئاوا ئێوە بایكۆت دەكات. كەواتە ئێوە وەكو كۆمۆنیست دەنگ ناهێنن. بەمپێیە ڕاگەیاندن لەدەستی ئەودایە، پارەوپوول لەدەستی ئەودایەو تا ئەو جێیەش كە هەڵبژاردنێك لەئارادانییەو كوردستانی عێراقیش وولات نییە، یەكێتیش یەكێتییە وئەمە هێزەدات بەئێمە...." مەنسور حكمەت، ئەنجومەنی ماركس، بەشداری لەسیمیناری كۆرش مودەڕسی دەربارەی كۆمۆنیزمی كرێكاری لەعێراق، ئەپریلٚ2000.

سەرجبدەن كەباسی مەنسور حكمەت دوای هێرشی سەربازی یەكێتییە بۆ سەر بارەگاكانی حزبی كۆمۆنیستی كریكاری عیراق. ڕێبوار ئەحمەد ڕوو بە هێزێك بەو تایبەتمەندییانەوە كە مەنسور حكمەت دەیانژمێرێت، دەنووسێت بۆتان نییە فەزای جەنگیی لەدژی ئێمە ڕابگرن بۆ ئەوەی لەبەرامبەر ناڕەزایەتییەكانی خەڵكدا كەڵكی لێوەربگرن. ئەو جەنگە ساڵانێكە تەواوبووە. خوێنەری ئەم دێرانە بائەوە لەبەرچاو بگرێت ئەگەر ئەندامێك لە حیزبی ڕیبوار ئەحمەد بەڕەسمی بانگەوازی (ینك)و جلال تاڵەبانی بكات تا لە كەناری ئەودا پەیوەست ببێت بە كەمپەینی سەربەخۆیی كوردستانەوە، حمید تقوائی نالێت ئەمانە خەریكن لەگەڵ یەكیتی یەكدەگرنەوە؟ لەمبارەوە سەرنجتان بۆ شێوازی باس و میتۆدی مەنسور حكمەت ڕادەكێشم: "شیعاری سەربەخۆیی كوردستانی عێراق ڕۆشنە هەتا هێزێكی موعتەبەر بەرزی نەكاتەوە كەس شوێن ئەم شیعارە ناكەوێت. هەتا یەك كەسی موعتەبەر نەڵێت دەبێ كوردستانی عێراق سەربەخۆ بێت كەس شوێنی ناكەوێت. خەڵك هەرگیز بەقسەی ئێمە لەبارەگای خۆمانەوە ئەم كارە ناكەن. كەواتە زۆر پێشتر دەبووایە بەرەیەكی لایەنگری ڕیفراندۆمتان درووست بكردایە كە ڕوون بێت ڕیفراندۆم مەسەلەی شەخسیی و ڕێكخراوەیی من و ڕەوتی من نییە. دەبێ سەبارەت بەڕیفراندۆم بەسادەترین و ئیقتیسادی ترین شێواز كە زۆرترین خەڵك پەسەندی بكەن مەسەلەكەتان بخستایەتەڕوو. لەڕێگەی قسەكەرانی زۆرەوە كەبڵێن جەنابی تاڵەبانی سەیری ئەندەنوسیا بكە، هەر كە ئەندەنوسیا كەمێك نائارامی تێكەوت، تەیموری ڕۆژهەڵات سەربەخۆیی خۆی وەرگرت. ئەگەر كەسێك لە جێگاوشوێنی ئەمڕۆی كوردستانی عێراقدا باسی سەربەخۆیی نەكات بەڕای من ئیتر هیچ كاتێكی دیكە ناتوانێ تەرحی بكات. ئەو كاتە ئێستایە كە كەس ڕێگا نادات حكومەتی ناوەند تەكان بخوات لەجێی خۆی. ئەگەر ڕۆژێك دەوڵەتی بەعس بڕوخێت وهەڵبژاردن بكرێت، لەو هەڵبژاردنانەدا كەلەم وولاتانەدا دەكرێن، وەیەك حكومەتی وەكو حوسنی موبارەك لەبەغداد بێتەسەركار چ كەسێك ئامادەیە یەك پارچە لەخاكی عێراق جیابكاتەوە؟ بەڕای من لەهەل و مەرجێكی بەم چەشنەدا هیچ كەسێك ناتوانێ باس لەسەربەخۆیی كوردستانی عێراق بكات.

ئێستا دەكرێ ئەم كارە ئەنجامبدرێ. ئەمڕۆ دەكری بڕۆیت وبڵێیت بائێرە سەربەخۆ بێت وەدەكرێ نیشانبدرێ كەئەم مەسەلەیە زەمینەی هەیە. ئەگەر كەسێك ئەم كارە دەكات ئەوا پێویستی بەیەك بزووتنەوەی ڕیفراندۆمخوازو بزووتنەوەیەك هەیە كەدەیەوێت چارەنووسی كوردستان دیاریبكرێت. بە بزووتنەوەیەك كە سەرێكی لە نیۆیۆرك بێت و سەرەكەی دیكەشی لەسلێمانی و هەولێر بێت. بزووتنەوەیەك كەخۆی بە مەوازینی حیزبی كۆمۆنیستی كرێكارییەوە نەبەستێتەوەو قسەی خۆی بكات..." مەنسور حكمەت، هەمان جێگا.

دووهەم–بەڕواڵەت وا دەردەكەوێ كە هەڵوێستگیریی حمید تقوایی لە بەرامبەر یەكێتیدا ڕادیكاڵ و لە سازان نەهاتووە. هەڵوێستگیریی هێزێك كە ئۆپۆزیسیۆنی "دەوڵەت"ی دەسەڵاتدارە. لە جەرگەی ئەم چەپڕەوییە شكڵییەدا، یەك ڕاستڕەوی "پتەو" خۆی نیشاندەدات. بەڕەسمی ناسینی "دەوڵەتی كورد"! ئەم هەڵوێستگیرییەی حمید سەرچاوەی لەمەیلی سیاسیی بەلای جلال تاڵەبانیدا نییە، لە مەیل و ئارەزووی قەلبی ئەودایە بۆ وجودی سەربازی ئەمریكا لەناوچەكەدا. نیشاندانی نەفرەتی ئاشكرا و"ڕادیكاڵ" سەبارەت بە"دەوڵەتی كورد" بۆ ئەوەیە تا ئەسڵی بە ڕەسمی ناسینی دەسەڵاتداریێتی ئەحزابی عەشیرەیی و قووڵیی عەشقی خۆی بەدەسكەوتەكانی ئەمریكا لەبەر چاو وونبكات. ئەم هونەرنوواندنەی حمید ئەیتوانی مشتەری ڕابكێشێت. ئەگەر ئاژیتاتۆری ڕووكەشی ئێمە بیتوانیایە كەمێك هونەرمەندانە خۆی نمایش بكردایە. ئەم جەنابانە دەیانەوێ بڵێن یەكێك لەدەسكەوتەكانی وجودی هێزەكانی پریزدنت بۆش "دەوڵەتی كوردە" لەناوچەكەدا. هەڵبەتە لەكاتی هێرشی سەربازی ئەمریكا بۆ سەر ئێران، بەهۆی ئاڵۆزتربوونی بارودۆخ و فروانبوونی ئەم وولاتەوە، دەكرێت چاوەڕووانی دەسكەوتی گرنگتر بین، ئەویش دابینكردنی كەشێك بۆ ڕێكخستنی شۆڕشی سۆشیالیستی حیزبی حمید تقوائی! بەندیكی قەتعنامەی ئەمانە دەربارەی ئەو ئەگەرە، پەیوەستە بە بەرەكەتی وجودی سەربازی ئەمریكاوە. سەرەداوی ئەسڵیی ئەم هەڵوێستگیرییە "سۆشیالیستییە" ناگەڕێتەوە بۆ مەیلی بەشێك لەمانەو دیفاعیان لەهێرشی ئەمریكا بۆ سەر عێراق لە كاتی باسە ناوخۆییەكانی دەورەی پێشوودا. ئەم گرایشە پڕۆئەمریكاییە سەرچاوەكەی لە ماهییەتی "شۆڕشی سۆشیالیستی" ئەمانەدایە. ڕووخانی ڕژێم لەدیدگای ئەمانەوە هەمان شۆڕشی سۆشیالیستیانە. لەستراتیژی ئەمانەدا ڕووخانی ڕژێم و شۆڕشی سۆشیالیستی، هەردووكیان یەك دیاردەن. هۆی

مەیلەکانی ڕابردووی ئەمانە بۆ هخا والاحواز وفاشیستە کوردەکانیش هەر ئەم عەشقە "سۆشیالیستییەی" ئەمانەیە بۆ هەر جۆرە شلوقکردنێکو ڕژانە شەقامێك لەم ڕاستایەدا. وجودی ئەمریکا لەناوچەکەدا لەخزمەتی ستراتیژی ئەمانەدایە بۆ ڕووخاندنی ڕژێمو جێبەجێبوونی ئامانجی ئێجگار سۆشیالیستیی ئەمانە لە مەتنی ڕووخانی ڕژێمدا. کاتێك دەڵێین ستراتیژیی ئەمانە کۆپی ناسیونالیزمی ئێرانییە، هەر لەوێوە سەرچاوەدەگرێ. دژایەتی ئەمانە لەگەڵ کۆنگرەی ئازادی عێراقیشدا، نەك لە دژایەتیانەوە لەگەڵ "سازشەکانی" ناوخۆی ئەو ڕێکخراوەدا، بەڵکو لەهەمان عەشقی دەروونی ئەمانەدایە بەوجودی هێزە ئازادیبەخشەکانی ئەمریکا لەناوچەکەدا.

هەموو ئەمانە بەلایەك، ئێستا ڕووندەبێتەوە کەبەرگری ئەمانە لەڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستانی عێراق، چەندە شکڵی، چەندە بێناوەرۆكو بەرەنجامی ووتنەوەی ناچاریی‌و تووتییانەی برێك لەشیعارەکانی پێشووی ناو حزبی کۆمۆنیستی کریکاری ئیرانە، کەلەڕاستیدا هیچکام لەمانە نازانن کاتی خۆی بۆچی پەسەندکراون. کەسێك بچێت لەمان پرسیاربکات تەرحیان بۆ بەرێخستنی ڕیفراندۆمێك بۆ بزووتنەوەیەکی وەرگرتنی سەربەخۆیی لەم وولاتەدا کامەیە؟ تەرحیان بۆ دەخالەت لەناو بارودۆخی عێراقدا چییە؟ لەدژی داگیرکردنی وولات، لەدژی هێزەکانی سیناریۆی ڕەش وئەمریکان، یاخود بەدڵ مەیلیان بەلای پێشڕەوی ئەمریکاو ئارامکردنەوەی ئەم وولاتەوەیە لەلایەن هێزەکانی بۆشەوە؟ تەنها موخالیفی ئیسلامییەکانن، یاخود لانی کەم لەپشتی کۆمپیوتەرەکانیانەوە تەرحێکیان بۆ ئازادی عێراق پێیە، یاچاوەڕێن ئێمە کاربکەین وئەوانیش ئەرکی سەخت وترسناکی داوەریکردن بۆ خۆیان دابنێن؟

سێهەم–زۆرجار کاتێك ڕستە لەسازشنەهاتووو پڕاوپڕ لە قاتعیەتەکانی حمید سەیردەکەیت، لەخۆوە وێنای قارەمانێکی جەنگی دێتە بەرچاوت، کەیەکەیەك لەهێزەکانی بەفەرماندەیی جەنگاوەرێك بەناوی فاتح بەهرامی ناردۆتە نەبەرد لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی دا لەسلێمانی. نەك تەنها هەر ئەمە، کەدەستووری پێداوە کەسازشکاران وهەڵاتووان لەجەبهە گوللەبارن بکاتو لەسەر لاشەکانیان عیبارەتی پەندئامێز بنووسێت، وەلەسەر سێ ڕێیانی سلێمانی – کەنەدا دایان بنێت. کاتێك کەمێك لەکۆمپیوتەرەکەت دووردەکەویتەوە هەتا لەجیهانی مەجازیەوە بگەڕێیتەوە بۆ ژینگەی سروشتی، تێدەگەیت ئەوەی کەبینیت، شتێك نەبوو جگە لەکۆمەڵێك عیبارەتی پووچ، کەبۆ ڕازاندنەوەی سایتی ئینتەرنێتی روزنە ئامادەکراون. لەدەرەوەی ئەم جیهانە خەیاڵییە، ئی–مەیلیلێك کەفەرمانی نەبەردی هەڵگرتووە، زەمانێك بەدەستی فەرماندە گەشتووە، کەبەڕێزیان لەناو جێگای خەوتنەکەیدا لەوانەیە وەکو من بەبێ شۆرت نووستبێت.

ناوبردنی فاتح بەهرامی بێ واتانییە. بەڕێزیشیان بەدوای تەهیجە لەسازشنەهاتووەکانی فەرماندە حمیددا لەخەو بائاگادێتەوە، دەبینێ کە هاوڕێیانی ئێمە لەعێراق بوونەتە دووی خوردادی، کاتێك خۆی کۆدەکاتەوەو دەچێتە سۆراغی پشتیوانیکردنی کیتابی نەك لەجەبهە بەڵکو لەسایتی ئینەرنێتیدا، لەیەکەمین هەنگاودا چاوی بەبەیاننامەی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق دەکەوێت لەدژی مەعرەکەی "هەڵبژاردن" لەعیراق، بە هۆشیارییەکی بێئەندازەوە کەشفی دەکات کەعیللەتی چەپبوونی بەیاننامەی مانگی نۆڤەمبەری حککع سەبارەت بە"هەڵبژاردن" لەعیراقدا، نووسینی یەك مانگ دواتری هاوڕێ حمید بووە لەمانگی دیسەمبەردا!

هاوڕێیانی جەنگی من کەلەبەرامبەر بەئێمەدا دڵی شێرتان خواردوە!
شمشێری قاتعیەتتان بخەنەوە کەلان، بۆ ساتێك ئەگەر دەکرێ سەرنج بفەرموون! ئەگەر گروپی چەپی ئێوە لەعێراق دەیەوێ لەگەڵ یەکێتی نیشتمانیدا بەرامبەرکێ وجەنگ بکات، بەخۆشحاڵییەوە مژدەتان دەدەمێ کەلەم حاڵەتەدا هەموو میوانی ئێمەن. ئێمە بلیت وچەك وئیمکاناتی سەفەریان بۆ کوردستان فەراهەم دەکەین، بابفەرموون سەفەر بکەن، پارە ورێنوێنی وپێویستییەکانی عایدی ئێمە! وەرن با دۆست ودوژمن ببینن کەئایا گرووپێك کەپێکتانەوە ناوە، لەسەر ئەرزی واقع فەلسەفەیەکی لەپشتی سەرەوەیە هەیە وە ئایاکارێکی لەدەست دێت ئەنجامیبدات.

چوارهەم–حمید تقوائی بە حککع دەڵێ دووی خوردادی. لەفەرهەنگی زمانی ئینگلیزیدا، بەشێوەی ئاسایی لەجێگەی ووشەی تایبەت لەزمانی دیکەوە بەرامبەرەکەی دروستناکرێت. بۆ نموونە بۆ "فتوا" بەرامبەرێك نییە. تائەو جێیەی من بزانم، لە کاتێکەوە ئەم ووشەیە چووە ناو فەرهەنگی زمانی ئینگلیزییەوە کە لەلایەن ئیمام خومەینییەوە لەدژی نوسەری ئایەتە شەیتانییەکان دەریکرد. موستەڵەحی "دووهەمی خورداد"یش دەچێتە ناو فەرهەنگی زمانەکانی دیکەوە، هەر ئێستا لەناوچەکەدا چۆتەناو زمانی کوردییەوە لەعێراق، وزمانی عەرەبییەوە. سەرەنجام دواتر بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو نووسینە دەکرێ کە کارایی نێونەتەوەیی ئەم موستەڵەحە لەلایەن کەسێکی ئێرانییەوە بەناوی حمید تقوائییەوە ببێتە مایەی پێویستی داخڵبوونی بۆ ناو زمانەکانی دیکە. بەمپێیە ئێمە لێرە بە دواوە بەتەنیشتی "الدوم الخوردادی" عەرەبی، دووەم "کردادی" ئینگلیزی، "دوم هردادی" تورکی و"دوم غردادی" ئەڵمانی و...تدمان دەبێت.

بێگومان "واقعییەتی" فراوانبوونەوەی دووەمی خورداد بۆ وولاتانی دیکە، ئەویش لەکاتێکدا کە دووەمی خورداد لەناو خودی ئێراندا عومری خۆی داوە بەهاوڕێ تقوائی، سەرچاوەی ترس‌ولەرزێکی گەورەیە کەئەم پیاوە جەنگاوەرە هێشتا لەم جەنازەیە هەیەتی. حمید عادەتی وایە کەلەڕابردوودا بژی. دەڵێن وانییە، دەربارەی سیاسەت وتاکتیك دوای دووهەمی خورداد پرسیاری لێبکەن ، هەمان کاسێتی دووبارەبووەوەی ئاژیتاسیۆنەکانی پێشوویتان دەداتێ. هەڵبەت بەڕاستی خاڵێکی نوێی دیکەش، تیوری "کودەتای" ئەحمەدی نەژادە کەئەلهەقی لەدووەم خوردادیەکانی پێشوو وەلایەنگرانی ڕەفسەنجانییەوە لەناو ڕاستی ئۆپۆزیسیۆندا فێربووە.

ئەمانە بەجێی خۆیان. بەڕاستی کەسێك لەناویاندا پەیدانابێت بڵێت ناکرێ هەموو جیهان بەچەمکی سادەی دووەم خوردادی ڕۆشنبکرێتەوە؟ وەلەم پیاوە داهێنەرە تەمەننا بکات کە قبوڵبکات مەسەلەی عێراق ولوبنان وفەلەستین وبەریتانیا وئەمریکا کەمێك ئاڵۆزترە لەزەینی شێر وخەتیی بەڕێزیان؟

هاوڕێ حمید باوەڕبکە ئەمە وانابێت، جیهان ئاڵۆزترە. بەقەولی مناڵێکی دۆستێکی ئێرانیم کەفارسییەکەی بەجۆرێکە کەپێکهاتێك لەووشەی ئینگلیزی لەگەڵدایە: چی بووە وا ناتوانی **Grow up** بکەیت؟

---

(*) پاسخ، بڵاوکراوەیەکی سیاسی‌یە ، سەرنووسەرەکەی محەمەد فەتاحی‌یە.

له (پاسخ)* ی ژماره , 44محه‌مـــه‌د فه‌تاحـــــــی, 23دیسه‌مبه‌ر2005, **www.pasox.org**